# تکایە بابەتی بڵاوکراوە، بڵاو ناکەینەوە

سەرنووسەر

* لەوەتەی خەریکی دەرکردنی گۆڤاری (ڕامان)ین، هەوڵمان داوە لە ماوەی پتر لەو بیست ساڵەی کارکردنماندا کۆمەڵێک داوونەریت و پرەنسیپ پەیڕەو بکەین تا بتوانین لە ڕەنگرشتنی کۆمەڵێک لەو داوونەریتە ڕۆژنامەوانیانەدا بەشداریێکی کارا بین. گومانی تێدا نییە کە دەبێ هەر بڵاوکراوەیەک، گۆڤارێک، ڕۆژنامەیەک ڕێچکە و ڕێباز و ڕێڕەوی کارکردنی خۆی گرتبێتەبەر، کە حەتمەن دەبێ ئەو ڕێچکە و ڕێبازەی هەبێ، ئەگەر نەیبێ بە نەنگی و عەیبەیەکی گەورەی ئەو بڵاوکراوەیە دادەنرێ، بۆیەش وا دەڵێم، چونکە لەو سەردەمەدا زۆر گۆڤار و بڵاڤۆک و ڕۆژنامە بەرچاو دەکەون کە ئەو ڕێچکە و ڕێباز و تایبەتمەندییانەی پێویستن بۆ ناسینەوەیان و جیاکردنەوەیان لەوانی دی، لەبەرچاوی خۆیان نەگرتووە. لێرەدا ئێمە تەنێ لەسەر دیاردەیەک دەوەستین، کە دەمێکە بەدەستییەوە گیرۆدە و هیلاکین، لەبەر ئەوەی چەندی هەوڵمان داوە ڕێگەی لێ بگرین، بێ سوود و ئاکام بووە.

* ئەوە قسەی ناوێ، دیاردەی کرێت و کەموکووڕیی زۆر لەناو بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەن، کە بەزەقی بە سیما و تەوێڵییەوە نووساون و بە ئامان و زەمان دەستبەرداری نابن، کە ئێرە شوێنی باس کردنیان نییە، بۆیە لێرەدا هەر تەنیا لەسەر ئەو دیاردەیە دەگیرسێینەوە و قسە دەکەین، ئەو دیاردەیەش خۆی لە دووبارە و سێ بارە و چەند بارە بڵاوکردنەوەی بابەتێکە لە پتر لە کەناڵێکی بڵاوکردنەوە دەدۆزیتەوە، کە نووسەرەکەی، دەقنووسەکەی وا تێدەگات ئەوەی ئەو نووسیویەتی و دەینووسێ، نووسین و دەق نییە، بگرە وەک ڕیکلام (ئیعلانات) تەماشای کارەکەی خۆی دەکات، بۆیە دەیەوێ ئەو نووسینەی خۆی (ببوورن ئەو ریکلامە) لە زۆرترین گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆک و سایتدا بڵاو بکاتەوە، بە حیسابی خۆی بەم کارەی دەیەوێ زۆرترین خوێنەر ئەو نووسین و دەقەی ببینن و بخوێننەوە.

* ئەوانەی ئەو کارە دەکەن، هەر لە یەکەم ساتی تەواوبوونی نووسین و دەقەکانیان، ئەگەر تایپ بزانن و ئینتەرنێت و فەیسبووک بەکاربهێنن، ئەوە یەکسەر کلیکی دەکەن و بۆ کۆمەڵێک شوێنی دەنێرن، بەلایانەوە وایە کە لە هەر کوێ بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوان قازانجە. زۆرجاران لەبەر ئەوەی دوو بڵاوکراوە ئاگایان لە یەکدی نییە، نووسین، یان دەقەکە لەیەک کاتدا بڵاو دەکەنەوە، لە کاتێکدا پێویستە ئەو نووسەرە، یان ئەو دەقنووسە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نووسینەکەی، دەقەکەی لە شوێنێک، هەر زوو ئەو گۆڤار و بڵاوکراوەیەی دیکەی لێ ئاگادار بکاتەوە کە بابەتەکەی بۆیانی ناردووە، ئەوان لەلای خۆیان ڕاییگرن و بڵاوی نەکەنەوە. ئەو کەسانە نەک هەر ئەوە ناکەن، بگرە دووجار و سێ جار بڵاوبوونەوەکە هانیان دەدا ئەو جارە بۆ چەند شوێنێکی دیکەشی بنێرن. جاران دەگوترا ئەوە بۆ پاداشت و خەڵاتەکەی (چەلاوەکەی) ئەمەیان کردووە، ئێستا کە خەڵات نەماوە،

یان لە باشترین حاڵەتدا لە هەندێ شوێن هەیە و زۆر کەم بووەتەوە، باوەڕ ناکەم بۆ ئەو پاداشتە کەمە ئەمە بکرێ، پێم وایە ئەوەیان زیاتر پێداگرتن و سووربوونە لەسەر بڵاوکردنەوەی (ناو)ی خۆیان، واتە زۆرتر لەبەر عاشقبوونی ناو و شوهرەت و ناوبانگی خۆیان ئەوە دەکەن، زیاتر لەوەی دەروەستی خەڵات و بەراتەکە بن.

* سەرەتا کە هێشتا ئینتەرنێت دانەهاتبوو، هەندێ لەو نووسەر و دەقنووسانە لەگەڵ بڵاوکراوە کولتووری و ئەدەبییەکان خەریکی ئەو ڕاوەڕێوی و یاری پشیلە و مشکە بوون، ئەوانە پێیان وابوو ئەگەر نووسین و دەقەکانیان لە بڵاڤۆک، گۆڤار، ڕۆژنامەیەکی هەندەراندا بڵاوکرایەوە، ئیدی کەس ئەو بڵاوکراوانە نابینێ. ئێمە کە زۆربەی هەرە زۆری جارەکان بەهۆی ئەوەی هەموو ئەو گۆڤار و بڵاڤۆکە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییانەمان پەیدا دەکرد و چاومان لێ دەکردن، زۆر کەم بڵاوبوونەوەی ئەو نووسین و دەقانەمان بەسەردا تێدەپەڕی، هەر کاتێکیش ئەگەر بە قەزاوقەدەر دانەیەکمان بەسەردا تێپەڕیبایە، ئەوە خوێنەران و نووسەران، ئەوسا (فاکس) هەبوو، بە فاکس، یان بە تەلەفۆن، یان بە بینینی ڕاستەوخۆ ئێمەیان لە دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە ئاگادار دەکردەوە، بەڵام ئەمڕۆ کە بڵاوکراوە و گۆڤاری زۆر و زەوەندی کولتووری و ئەدەبی لەبەر دەستن، بێجگە لە سایتی زۆر، هەر نووسەرە و واڵی تایبەتی خۆشی هەیە، ئەوانە زۆربەیان پێیان وایە لەبەر زۆری کەناڵ و مینبەری (بڵاوکردنەوە)، کەس ئاگای لە سایت و واڵی کەسیی ئەو و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی تایبەت بە کولتوور و ئەدەبیات نییە و کەس لەو گۆڤار و بڵاوکراوانە نایانپەرژێتە سەر خوێندنەوە و بینینی ئەو حەمکە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکانە، بۆیە ئەمە دەکەن، وا دەزانن سووک و باریک ئەمەیان بەسەردا تێدەپەڕێ.

* ئێمە ئەوسا کە بەوەمان دەزانی هەر هێندەمان پێ دەکرا گلەیی و سەرزەنشتێکی دۆستانەی ئەو نووسەر و دەقنووسانەمان دەکرد، کە بەلانی کەم نابێ ئەوە لەگەڵ گۆڤاری (ڕامان)دا بکەن و دووبارەی نەکەنەوە، چونکە پێشتر لەوە ئاگادارمان کردوونەتەوە کە بابەتی بڵاوکراوەی خۆیان بۆمان نەنێرن، بۆیە کە ئەوان لەوە بێ باک بوون و گوێیان پێ نەدەدا، ئەوەی لە دەستمان دەهات تەنیا ئەوەبوو بۆ ماوەی ساڵێک دوو ساڵ وەک سزادانێکی ئەو نووسەر و دەقنووسە، بەرهەم و بابەتەکانمان بۆ بڵاو نەدەکردنەوە، لە کاتێکدا ئەگەر گۆڤار و بڵاڤۆکەکانی دیکەش لەگەڵمان هاوکاربوونایە، ئەوە لەو باوەڕەدا بووم ئەو نووسەرانە پێداگرییان لەسەر ئەو کارە نەدەکرد و ئەوەیان دووبارە نەدەکردەوە. قەباحەتی گەورەش لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە ئینتەرنێت داهات و خۆی بە هەموو ماڵێکدا کرد و کەوتە دەستی هەموو کەسێک، لەناو ئەوانەش کەوتە بەردەستی نووسەرانیش، کە بەداخەوە زۆر خەراپ کەوتنە بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵی، بۆیە بووە مەیدانی تەراتێن و ڕاوەڕێوییەکە لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکان زۆر لە جاران زیاتر و فراوانتر بوو.

* ئێمە هەر لە سەرەتاوە سەرجەم نووسەران و دەقنووسانمان ئاگادار کردووەتەوە و تکامان لێ کردوون بابەتی بڵاوکراوەی خۆیانمان بۆ نەنێرن، تەنانەت ئەگەر بڵاوکردنەوەکە لە واڵی تایبەتی خۆشیان بێ، نەک لە سایتێکی دیکەدا بڵاو کرابێتەوە و خەڵکانێکی زۆر بینیبێتیان، تەنانەت تا ڕادەی خۆ ڕەزا قورس کردن ئەو داوایەمان لێیان دووبارە و دە بارە کردووەتەوە، پێمان وتوون ئێمە پەکمان لەسەر (وەرگێڕان) و (بابەت) و (نووسین) و بڵاوکراوە نەکەوتووە، تەنانەت بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین لەسەر ڕێچکە (نهج) و ڕێبازی گۆڤارەکەماندا دەڕۆین و بەسەریدا زاڵین، بەردەوام بابەتی (٣) ژمارەمان ئامادەیە بۆ چاپ کردن، کەچی هەیە گوێ بەوە نادا و بەردەوام گرفتی ناردنی بابەت و نووسینی بڵاوکراوەی ناو ئینتەرنێت و ئەکاونتی خۆی ڕووبەڕوومان دەکاتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕەنگە ئێمە ئەمڕۆ وەک جاران پێ ڕانەگەین هەموو سایتەکان و واڵی نووسەرەکان بەسەر بکەینەوە و لەوە ئاگادار بین نووسین و دەقەکانیان لە کوێ و لە کوێ بڵاو دەکەنەوە، بۆیە بەهۆی ڕەتکردنەوە و دەست بە ڕوو وەنانی نووسین و دەقی ئەوانەی دەیانەوێ دووبارە، یان سێ بارە بابەتەکانیان بۆ بڵاوبکەینەوە، کاتێ یەکێک لەو نووسینە بڵاوکراوانەی ناو بڵاڤۆکێک، گۆڤارێک، یان سایتێک بەسەرماندا تێدەپەڕێ، یەکسەر لەلایەن چەندان کەسەوە ئاگادار دەکرێینەوە کە بۆچی کاتی خۆی بابەتەکەی ئەوانمان، لەبەر بڵاوبوونەوەی لە واڵی تایبەتی خۆیان، یان لە سایتێکدا، یان لە بڵاڤۆکێکدا ڕەت کردووەتەوە، کەچی نووسین، یان دەقی فلان شاعیر و چیرۆکنووس، کە لە فلان شوێندا بڵاوکراوەتەوە، لەلامان چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە؟

* ئەو پێڕەو و ڕێبازەی کە لەلای ئێمەدا هەیە، زۆر بە دەگمەن لە بڵاوکراوە و گۆڤاری دیکەدا هەن، تەنانەت هەندێ جار لە ڕۆژنامەیەکدا، لەبەر ئەوەی هەر کەسەو خەریکی ئامادەکردنی لاپەڕەی خۆیەتی و ئاگای لە ئیشی لاپەڕەکانی دیکە نییە، بینیومە دوو نووسینی جیاوازی

نووسەرێک لە دوو لاپەڕەی هەمان ژمارەی ئەو ڕۆژەی ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، یان جار هەبووە یەک نووسین لە دوو لاپەڕەی هەمان بڵاوکراوەدا بڵاوکراوەتەوە. ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە ئارەزووی خۆیانە چۆن کار دەکەن، یان لەبەر گورگەلۆقە و تەقەڵ درشتی چۆن ئەمەیان بەسەردا تێدەپەڕێ و لە سەنگینی بڵاوکراوەکەیان کەم دەکەنەوە، ئەوە ئەگەر لای گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکە لەبەر نەبوونی بابەت و بەرهەمی چاک گوێ نەدەنە پرەنسیپی دووبارە بڵاوکردنەوەی بابەت، تەنانەت بابەت ڕاکێشانیان لە ناو سایتەکانیش، بەبێ ئاگاداری نووسەرەکەی، بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانیان کردبێ بە عادەت، ئەوە هەندێ جاریش لە دووتوێی کتێبی نووسەرانیشەوە بابەت وەردەگرن، ئەوەشیان بەلاوە ڕەوا و ئاساییە، بەڵام ئەو جۆرە کارانە لەلای ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان)دا هەرگیز ڕەوا و ئاسایی نین، بۆیە ناکرێ لەو کاتەدا کە چەندان نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند چاوەڕێی بڵاوکردنەوەی نووسین و دەقەکانیان بکەن، ئێمە بە بڵاوکردنەوەی نووسین و دەقی دووبارە و سێ بارە بڵاوکراوەوە سەرقاڵ بکرێین.

* ئەگەر مەبەست لە بڵاوکردنەوەی چەند جارەی نووسین و دەقەکان خوێندنەوەی زیاتر و زۆرترکردنی ژمارەی خوێنەرانە، ئەوە باوەڕ ناکەم گۆڤارێکی کولتووری و ئەدەبی لە کوردستان بە هەر چوارپارچەکەی، یان لە ئەوروپا هەبێت بەقەدەر گۆڤاری ڕامان خوێنەری هەبێت، بە تایبەتی لە ئینتەرنێت و فەیسبووکدا، کە گۆڤارێکە بێجگە لە سایتەکەی خۆی کە زۆر خوێنەران لێی ڕازین و بە ئاسانی دێتە بەردەست و چاویان، نزیکەی (١٥) لینکیشی هەیە و مانگانە بە هەزاران خوێنەر لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا سەردانی دەکەن، باوەڕیش ناکەم کەس لە شوێنێکی دی هەبێ، بابەت و نووسینی نووسەران و دەقی شاعیران و چیرۆکنووسەکان وەک ئێمە بە وردی و بە ئەمانەت و بەڕێکوپێکی و جوانی بڵاوبکاتەوە، چونکە ئەوەندە بە خۆشەویستییەوە کار لەسەر نووسین و دەقەکان دەکەین، نووسەر و دەقنووسەکانیش ئەوها لەگەڵ نووسین و بەرهەمی خۆیان بەپەرۆش نین.

* لێرەدا بە پێویستمان زانی جارێکی دیکە لە ڕێگەی ئەو نووسینەوە، خوشک و برا نووسەر و دەقنووس و وەرگێڕەکانمان ئاگادار بکەینەوە کە بابەتی (بڵاوکراوە) لە هەر کوێ بڵاوکرابێتەوە بۆ ئێمە ڕەوانە نەکەن، چونکە سەرلەنوێ لەلای ئێمە بڵاو ناکرێتەوە، دەبێ بزانن تەنیا لە یەک حاڵەتدا نووسین لە گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا دووبارە بڵاودەکرێتەوە، ئەویش لەو کاتانەدایە کە نووسینەکە (تێکەڵوپێکەڵ) کرابێ، یان هەڵەی زۆری تێدا ڕوو دابێ، ئەمەش بەهۆی تێکەڵ بوونی ستوونەکان، یان هەڵەی چاپی زۆر، یان شێواندن و تێکەڵبوونی ناوونیشانەکان، یان دەستکاری و کورت کردنەوەوە بووبێ، بە شایەدی هەموو لایەکیش، شوکرانەی دەوێ هیچ حاڵەتێکی لەو جۆرە لەلای ئێمەدا ڕووی نەداوە و ناهێڵین ڕوو بدات، بۆیە بە مافی خۆمانی دەزانین هەر کەسێ دەست لەو خووخدە خراپە هەڵنەگرێ، ئەوە نووسینەکانی لەلای ئێمە پشتگوێ دەخرێن، تەنانەت ئەو نووسینانەشی کە پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاونەکراونەتەوە، لەلامان بڵاوناکرێنەوە. هەندێک جار نووسین و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە کە لە گۆڤارێک، یان بڵاوکراوەیەکی دوورە دەست بڵاوکراونەتەوە، ئەو گۆڤارە، یان بڵاوکراوەیە ژمارەی کەمی لێ چاپ و بڵاوکرابێتەوە و لە سنوورێکی زۆر بەرتەسک و سنووردار خوێنرابێتەوە و بینرابێ، واتە لە (٥٠) تا (١٠٠) دانەی لێ چاپ کرابێ و بەشی زۆری خوێنەران نەیاندی بێ، کاتێ بۆمان ڕەوانە کراوە، ئێمە مەبەستمان بووە و بە پێویستمان زانیوە هەندێک لەو لێکۆڵینەوە و نووسینانە بڵاوبکەینەوە، ئەوەش بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێمە بووە. ئەو نووسەرانەی بۆ ڕامان دەنووسن و مامەڵەی لەتەکدا دەکەن، دەبێ نەختێ لەگەڵمان پشوودرێژ بن، بە تایبەتی پشوودرێژیی لەگەڵ گۆڤارێکی مانگانە کە سوورە لەسەر پاراستنی (ڕێباز) و ڕێچکەی خۆی، دەبێ هاوئاهەنگی لەگەڵ سەرنووسەرەکەی بکەن تا دەق و نووسینەکەیان بڵاو دەبێتەوە، دوای بڵاوبوونەوەی نووسین و دەقەکان ئەوسا نووسەر و دەقنووسەکە ئازادن لە کوێی دیکەدا بابەت و نووسین و دەقەکەی خۆیان بڵاو دەکەنەوە. ئەم دیاردە و کارە کرێتە کە تا ئێستا زۆر ماندوومانی کردووە، چونکە نووسین ئەگەر تایپ کرابوو، لەلای ئێمەدا بە (٤) قۆناغی دیکەدا تێدەپەڕێ، ئەگەر تایپیش نەکرابوو، ئەوە بە (٥) قۆناغدا تێدەپەڕێ، بۆیە زۆر ناخۆشە لە دوای ئەو هەموو ماندووبوون و وردەکارییەدا کە دەیکەین، پێ بزانین لە شوێنێکی دیکەدا بڵاوکراوەتەوە، ئەوکاتە خۆمان بە ڕەنج بە خەسار دەزانین. باوەڕ بکەن جاری وا هەبووە کاتێ بەمەمان زانیوە چووینەتە چاپخانە پلێتمان گۆڕیوە و نووسینە دووبارە بڵاوکراوەکەمان دەرهێناوە و نووسین و دەقێکی دیکەمان لە شوێنەی داناوە، کە ئەمە زیانی ماددیشی پێ گەیاندووین.